DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.358

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# مێژووی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی خورماڵ لە تۆمارە شوێنەوارییە و مێژووییەکاندا (بەردە نووسراوەکەی) مزگەوتەکەی خورماڵ بە نموونە

م.مهدي جلال مصطفی

Mahdi.mustafa@univsul.edu.iq

پ.ی.د. زریان حاجی

zryan.hama@univsul.edu.iq

بەشی شوێنەوار - کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان - زانکۆی سلێمانی

پ.عبدالله خورشید قادر

abdullah.qader@su.edu.krd

بەشی شوێنەوار - کۆلێجی ئاداب- زانکۆی سەلآحەدین

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە مێژووی درووستبوونی مزگەوتی گەورەی خورماڵ و ناوی خورماڵ و گەڕان بەدوای بنەچەی ئەم ناوەدا و دیاریکردنی شوێنی جوگرافیایی ئەم شارە کە بەلای زۆرێک لە توێژەرانەوە جێگای پرسیارە، بۆ یەکلاکردنەی ئەم بابەتە سوودمان وەرگرتووە لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی مزگەوتەکە و ئەو بەڵگەنامە و دەستنووسانەی کە باسی مێژوو و ناوی خورماڵیان کردووە، هەروەها دووبارە خوێندنەوەی ئەو تابلۆ بەردییەی کە باس لە مێژووی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی خورماڵ ئەکات، هەوڵ دراوە ئەو کەسایەتیانە یەکلا بکرێنەوە کە بۆ یەکەم جار ئەم مزگەوتەیان نۆژەنکردۆتەوە، بە پشت بەستن بەو چەند دێرە هۆنراوەیەی کە هەڵکۆڵراوە لە سەر بەردی بناغەی نوێکردنەوەی مزگەوتەکە بە خەتی نەستەعلیقی فارسیی، لەم هۆنراوەیەدا ناوی سێ کەسایەتی هاتووە کە فەرمانڕەوای وەخت بوون، ناوی سوڵتان سەلیمی عوسمانیی و سلێمان پاشای بابانی و موسی بەگی قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەر هاتووە، ئەم سێ کەسایەتییە هەستاوەن بەکاری نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە، و بۆ سەلماندنی ئەم راستیە پشت بەستراوە بە چەندین بەڵگەنامەی سەردەمی عوسمانیی کە باس لە رووداوەکانی ئەو سەردەمە ئەکات و بەڵگەنامەی تایبەت بە نۆژنکردنەوەی مزگەوتەکە دەری ئەخات ئەم مزگەوتە بەر لە چەند ساڵانێکی جیاواز نوژنکردنەوەی بۆ کراوە، هەروەها پارچە هۆنراوەکە لە زۆرێک لە سەرچاوەکاندا هەندێک لە وشەکانی بە هەڵە تۆمار کراوە، دووبارە هەوڵ دراوە لە رێگای خوێندنەوەی تابلۆ بەردییەکە بە شێوەیەکی  درووست بیخەینەوە بەردەستی خوێنەران و مێژوونووسان، هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونانەی کە گوایە بۆ یەکەم جار ئەم مزگەوتە لە لایەن عبدالله کوڕی عمری خەتاب درووستکراوە. لەم توێژینەوەیدا شیکردنەوەمان بۆ ئەو تابلۆ بەردییە کردووە وەک ناسنامەیەکی شوێنەواریی و مێژوویی گرنگ ناسێنراوە.

**کلیلە وشەکان: مزگەوتی خورماڵ، بەڵگەنامەکان، ناوی خورماڵ، تابلۆ بەردییە نەخش کراوەکەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ.**

تێبینیی: ئەم توێژیینەوەیە هەڵهێنجراوی دکتۆرایە و دوو سەرپەرشتیاریی هەیە بۆیە توێژیینەوەکە سێ توێژەرییە.

Recieved: 15/10/2023
Accepted: 24/10/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

سـەبارەت بـەم توێژینەوەیـە بـە گرنـگ زانـرا لێکۆڵینەوەیەکـی زانسـتیی دەربـارەی مزگـەوتی گـەورەی خورمـاڵ بەجـێ بهێنییـن لـەڕووی مێژووـت و شـوێنەواریی بەهـۆی بـوونی چەندیـن بەڵگەنامـەی نـوێ سـەبارەت بـە مزگەوتەکـە، هەروەهـا بەهـۆی دووبـارە دەرکەوتنـەوەی پاشـماوەی بناغـەی مزگەوتەکـە و گـۆڕەکانی نـاوی و تابلـۆ بەردینەکـەی و دووبـارە هەوڵـدان بـۆ دووبـارە دروسـتکردنەوەی، لـەم ڕێگایـەوە بتوانیـن ئـەو بەڵگـە و پاشـماوە شـوێنەوارییانە شـیی بکەینـەوە تاوەکـو توێـژەران و شـارەزایان زیاتـر سـوودمەندبن لـە زانیارییـەکانی.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە دووبـارە هەوڵێکە بۆ ناسـاندن و شـیکردنەوەی ئـەو بەڵگە مێژوویی و پاشـماوە شـوێنەوارییانەی لەبـارەی مزگـەوتی خورمـاڵ لـە بەردەسـتدان، توانیومانـە لـەم ڕێگایـەوە راسـتیی و درووسـتیی مێـژووی بنیاتنـان و نوژنکردنـەوەی ئـەم مزگەوتـە سـەر لـە نـوێ بخەینـەوە روو، بەهـۆی بـوونی چەندیـن بەڵگەنامـەی لـەم سـاڵانەی دواییـدا لـە ئەرشـیفی عوسـمانییدا بەردەسـتکەوتوون زۆرێـک لـەو راو بۆچوونانـەی دەربـارەی مێـژووی مزگەوتەکـە خراوەتـەڕوو، بەرپـەرچ دراوەتـەوە. لـەم لێکۆڵینەویـەدا زیاتـر سـوودمان بینیـوە لـەو تابلـۆ بەردینـەی مزگەوتەکـە لـە ڕێـگای بەراوردکـردنی بەسـاڵی ئـەو فەرمانڕەواییانـەی کـە لـە ناوچـەی خورمـاڵ بـوون، بەشـێک بـووە لـە قەڵەمـڕەوی دەوڵـەتی عوسـمانیی ومیرنشـینی بابـان، زۆرێـک لـە مێژوونووسـان و خەڵکـی ناوچـەی خورمـاڵ وا تێگەیشـتوون کـە ئـەم مزگەوتـە لەلایـەن سـەلیم پاشـای بابـان درووسـتکراوە، یاخـود نۆژەنکراوەتـەوە، لـەم لێکۆڵینەوەیـدا گفتوگـۆی لەسـەر کـراون.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

ئـەم توێژینەوەیـە پێکهاتـووە لـە پوختەیـێک دەربـارەی بابەتەکـە، دووبـاس لـە خـۆ ئەگرێـت، بـاسی یەکـەم خـۆی ئەبێنێتـەوە لـە شـوێنی جوگرافیایـی خورمـاڵ و مێـژووی خورمـاڵ لـە سـەردەمە جیاجیـاکانی دەسـەڵاتداران لـە ناوچەکـەدا، هەروەهـا نـاوی خورمـاڵ، بـە چەندیـن شـێوە نـاوی هاتـووە لـە سـەرچاوەکاندا هەندێـک بـە( نیـم ڕا و نیـم أزرا) ناویـان بـردووە یاخـود بـە شـارەزوور، لـەم بارەیـەوە تیشـک خراوەتـە سـەر نـاوی خورمـاڵ بـە گوێـرەی سـەرچاوەکان و شـیکردنەوەیان، بـاسی دووەم سـەبارەت بـە مێژووی بنیاتنـانی مزگەوتەکە و شـوێنەکەیەتی، هەروەها باسـکردن لـە قۆناغـەکانی نۆژنکردنـەوەی مزگەوتەکـە کـراوە، تیشـک خراوەتـە سـەر ئـەو تابلـۆ نەخشـکراوەی مزگەوتەکـە وەک بەڵگەیەکـی شـوێنەواریی راسـت و درووسـت بـۆ شـیکردنەوەی مێـژووی مزگەوتەکـە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە پشتبەسـتە بـە کاری مەیدانیـی، لـە نزیکـەوە لێکۆڵینـەوەی لە بارەی ئەو پاشـماوە شـوێنەوارییانە کـردووە، وەک گـۆڕەکانی نـاو حەوشـەی مزگەوتەکـە، دووبـارە دەرکەوتنـەوەی بناغـەی مزگەوتەکـە و تابلـۆ هەڵکۆڵراوەکـەی، دووەم پشـت بەسـتن بـە بەڵگەنامـە و سـەرچاوە مێژووییـەکان، بەراوردکرنیـان و شرۆڤەکردنیـان تـا گەیشـتن بـە راسـتیی و درووسـتیی مێـژووی مزگـەوتی خورمـاڵ.

## گرفتی بەردەم توێژینەوەکە:

بێگومـان هەمـوو کارێـک گرفتـی دێتـە بـەردەم بـە تایبەتـی توێژینـەوەی زانسـتیی، نەبـوونی سـەرچاوەی پێویسـت دەربـارەی سـەرەتای درووسـتکردنی مزگەوتەکـە، گواسـتنەوە و فڕێـدانی پاشـماوەی مزگەوتەکـە بـێ ئـەوەی کاری کنەوپشـکنینی بۆبکرێـت بـۆ دۆزینـەوەی پاشـماوەکانی، راسـتەوخۆ بـە شـۆفڵ پاککراوەتـەوە، هەرچییـەک لـە نەخـش و نووسـین هەبـووە لەناوییـدا فرێـدراوە، یەکێکـە لـە گرفتـە هـەرە گـەورەکانی، گوێنـەدان بە کاری زانسـتیی کنەوپشـکنینی شـوێنەواریی، گرفتێکـی تـری بـەردەم توێژینەوەکەیـە، رێگـە نـەدرا لـە لایـەن تیمـی نۆژەنکردنـەوە و بیناکردنـەوەی مزگەوتەکـەوە وێنـەی تابلـۆ بەردییەکـە بگریـن.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە بەدۆکیومێنتکـردنی تابلـۆ بەردییەکـە و پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی و خسـتنەڕووی ئـەو بەڵگەنامـە و سـەرچاوە نوێیانەیـە سـەبارەت بـە شـوێنەوار و مێـژووی مزگـەوتی گـەورەی خورمـاڵ، دووبـارە داڕشـتنەوەی بـە شـێوازێکی زانسـتییانە بکەوێتـە بەردەسـتی خوێنـەران.

## باسی یەکەم:

### یەکـەم: شـوێنی جوگرافیـای شـارۆچکەی خورمـاڵ.




نەخشەی ژمارە (١) سنووری کارگێڕی ناوچەکە لە ساڵانی ٢٠١٠( ڕێباز لوقمان، ل١٦.

خورمـاڵ ئەکەوێتـە پارێـزگای هەڵەبجـە لەبـەشی باکـووری خۆرهەڵاتیـدا، لـەڕووی کارگێرییـەوە سـەر بـە پارێـزگای هەڵەبجەیـە، سـنوورەکەی لەبـەشی ڕۆژهەڵاتـەوە کـە هاوسـنوورە لەگـەڵ زنجیـرە چیاکانـی هەورامـان، کـە بەشـێکە لـە زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس دەسـت پـێ ئـەکات، گونـدی ئەحمدئـاوا لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتییـەوە لەگـەڵ ناحیـەی بیـارە، کـە لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی چیـای سـورێنەوە هەڵکەوتـووە. لەبـەشی ڕۆژئاوایـەوە پێدەشـتی شـارەزوورە، بـە دووریی(٢١کـم) ئەکەوێتـە باکـووری ڕۆژئـاوای پارێـزگای هەڵەبجـەوە، لـە باشـوورییەوە دەریاچـەی سـیروانە هەڵکەوتـووە (سـەردار،٢٠١٠ : ٧٣٨). شـوێنگەی فەلەکیـی خورمـاڵ ئەکەوێتـە نێـوان هێڵـی پانـی (٣٥١٨) (٢٨-٣٥) باکـوور و دووهێڵـی درێژیـی (٨-٤٦) و (٤٥،٥٦) خۆرهـەڵات، بەرزیـی لـە سـەر ئاسـتی رووی دەریـادا (٥٧٦م) (عومـەر، ١٩٩٨: ٥٤) ئـەو زنجیـرە چیایانـەی دەوری خورماڵیـان داوە درێـژ ئەبنـەوە لـە باکـووری ڕۆژئاوایـەوە بـەرەو باشـووری ڕۆژهـەڵاتی، وەکـوو زنجیـرە چیـای هەوارمـان کـە ئەکەوێتـە نێـوان باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، لـە ڕۆژهەڵاتـی باکـووری ڕۆژهەڵاتیـەوە لوتکـەی خۆرنـەوازان و داڵانی و وەزەرا و هەسـوونە، زنجیـرە چیـاکانی باکـووری

رۆژهەڵات و باشووری رۆژئاوای بریتیین لە شاخی هانەی قووڵ و ملەقوتە و زەڵم (امین،٢٠١٣: ١٢-١٥) شارۆچکەی خورماڵ ئەکەوێتە سەر رێگای گوندی ئەحمد ئاوا و رووباری زەڵم[١] سەرچاوەی ئاوەکەی لە شاخی دالآنی لە رۆژهەڵاتی گوندی زەڵم هەڵئەرژێت تا ئەگاتە ناو شاری خورماڵ. لە پێدەشتی شارەزووردا ئەچێتە ناو دەریاچەی سیروان، رووبەرێکی زۆری لە زەویی کشتوکاڵی هەیە. دووریی لە رێگای سەرەکیی سلیمانی هەلەبجە (٥کم)(زەڵمی،٢٠٠٨ :٣٨ ). هەروەها خورماڵ چەندین سەرچاوەی ئاوی هەیە وەکوو سەرچاوەی ئاوی گەنجان، ئاوی گەڕاو، ئاوی شیرەمەڕ، ئەم سەرچاوانە یارمەتیدەرێکی زۆر باشن بۆ گەشەی ئابووریی و کشتوکاڵیی لە کۆن و نوێدا (شەریف، ١٩٩٨: ١٢٦-١٢٧) خورماڵ (گوڵعەنبەر ) لە ساڵی (٢٠٠٢ز) دا چل و یەک(٤١) گوند سەر بە ئەم ناحیەیە بوون، لە ساڵی (١٩٧٩ز) رژێمی بەعس دێهاتەکانی وێران کرد، خەڵکەکەی راگواست بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان و کەوتە وێرانکردنی ناوچەکە، دوای بەرپابوونی جەنگی عێراق-ئێران دووبارە ناوچەکە بەرەو وێرانەیی و کاولکاریی بردەوە (بەهمەنی،٢٠١٠: ٣٦٩ ). ئەوەی تەنها لە ناو خورماڵ دا مایەوە پاشماوی قەڵای خورماڵ و منارەی مزگەوتەکە بوون کە دوو پاشماوەی گرنگی مێژوویی و شوێنەواریی شارەکەن. نەخشەی ژمارە(١).

## دووەم: ناوی خورماڵ:

سەبارەت بە ناوی خورماڵ بە گوێرەی سەردەمەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە لێرەدا هەریەک لەو بۆچوونانە ئەخەینەڕوو.

١- بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە ناوی خورماڵ لە پێش زایینداو لە سەردەمی مادەکان پێی وتراوە (خۆرماد)، گوایە پاشای مادەکان کچێکی هەبووە ناوی (خۆر) بووە، لەگەڵ وشەی (ماد) لێکدراوە بووە بە (خۆرماد) (مصطفی،٢٠٠٣: ٣٠).

٢- لەسەردەمی فەتحی ئیسلامییدا بەم ناوچەیە بە گشتی وتراوە شەهرزور یان (شهرزول) گەریدە ئیبن موهەلهەل (٣٣١ه-٩٧٢ز) سەردانی شارزووری کردووە و ئەڵێت لە نێوان شاری (نیم أز راه)و شاری (بیر) شارێک هەبووە ناوی (دزدان)بوو، بەگوێرەی ئەو گێڕانەوەیە کە مێژوونووس کردوویەتی مەبەستی خورماڵی ئێستایە (مهلهل ١٩٥٠،٥٨ ) بە گوێرەی قسەی خەڵکی ناوچەکە ئێستاش جێگایەک لە دەوری خورماڵ هەیە بەم ناوە (گردی نۆدژانە) ئەکەوێتە نزیک گوندی بانی شار، خەڵکە بەتەمەنەکان ئەڵێن ئەمە لەکۆندا شار بووە، تاوەکوو ێستاش پاشماوەی بناغەی خانووی زۆری لێ هەیە (زەڵمی،٢٠٠٨: ٣٨ ) ٣- حەکیمی مەلا سالح ئەڵێت لە خەڵکە بەتەمەنەکانی شارەکەم بیستووە بە خورماڵیان ئەوت (خۆڵمار) (مەلاصالح، ٢٠٠١: ٥٣ )٤- بە بۆچوونی کەریم زەند خورماڵ لە(خۆرماد) یان (خۆرماڵ)وە هاتووە (زند،١٩٤٥: ١٩٥).

٥- هەروەها سەبارەت بە ناوی گوڵعەنبەر گوایە لە ناوی کچی بەدری میری حەسنەوی هاتووە لەساڵی (٥٥١-٥٦٤ک) فەرمانڕەوای شارەزوور و خورماڵی کردووە، دوای مردنی باوکی خاتوو گوڵعەنبەر دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا گرتووە ، گوایە ئەم ناوە لە ناوی ئەوەوە هاتووە (مەلاصالح، ٢٠٠١: ٥٣-٥٤) ٧- یاخود بە گوێرەی دەستنووسەکەی مەلا محمد سەرگەتیی کە لە باپیرە گەورەیان بۆیان ماوەتەوە، ناوی خورماڵی بە (خۆرماد)هێناوە، لەم دەستنووسەدا تۆمارکردووە مامۆستای مزگەوتی خورماڵ بووە، مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە

١- - زەڵم ، ئەم ناوە بۆ زۆر جێگا بەکارهاتووە لە ناوچەکەدا، قەڵای زەڵم، پردی زەڵم، رووباری زەڵم، گوندی زەڵم، تاڤگەی زەڵم، هەروەها بە بۆچوونی هادی بەهمەنی ناوی کۆنی زەڵم (دڵدەم )بووە، و ئێستاش ناوچەیەک هەیە لە نزک گوندی زەڵم بەم ناوە وە(هادی بەهمنی ، ٢٠١٠،ل٢٦٩).

بـۆ سـاڵی (٩٢٩ک/١٥٢٣ز) ئـەم دەستنووسـە باشـترین بەڵگـەی تۆمارکـراوە سـەبارەت بـە نـاوی خۆرمـاڵ ئێسـتا لـە خانـەی دەستنووسـەکانی شـاری بەغـداد پارێـزراوە (محمـد، ١٩٨٤: ١٤٠) ٨- هەروەهـا تۆفیـق وەهبـی ئەڵێـت خورمـاڵ ناوێکـی (محـرف)ە، وەرگیـراوە، نـاوی فەرمیـی خورمـاڵ لەسـەردەمی عوسـمانییەکاندا (گـوڵ عەنبـەر ) بـووە، بنەچـەی وشـەی گـوڵ عەنبـەر لـە (گـوڵ نبـەر )ەوە هاتـووە، هەروەهـا نووسـەر ئەڵێـت نـە لـە پەڕتووکـی (معجـم البلـدان (٦٥٦-١٢٥٨ز) و نـە لـە پەرتووکـی (نزهـة القلـوب)دا ( ٧٤٠ک-١٣٣٩م) نەنـووسراوە شـارێک بـە نـاوی گـوڵ عەنبـەر هەبـوو بێـت لـە شـارەزووردا، ئەڵێـت لـە پەڕتووکـی (نزهـة القلـوب)دا نـاوی شـارێک هاتـووە لـە سـەر لێـواری (سـیاه کـوە) لـە چیـای رەش لـە وڵاتی ئازربایـنجـان بـە نـاوی (گوڵەنبـەر) ئـەم نـاوە ئەگەڕێتـەوە بۆ سـەردەمی مەغۆلـی و سـەلجوقییەکان، دواتـر گـۆڕاوە بـۆ گـوڵ عەنبـەر، هەروەهـا ئەڵێـت مـن فێرخـواز بـووم لـە سـاڵی (١٩٠٠-١٩٠٣ز.) لـە قوتابخانـەی رووشـدییەی عەسـکەریی لـە سـلێمانی گوێـم لـێ بـووە فەرمانبـەرە کـوردەکان بـە گوڵعەنبـەر کـە مەرکـەزی کارگێڕیـی گوزرایـەوە بـۆ قـەزای هەڵەبجـە ئەیانـووت (گـوڵ عومـەر) (بیـک، ٢٠٠٩: ٦). حسـن فهمـی بـەگ جـان، ئەڵێـت، لـە وانەیـە خوڵمـار بنەچـەی ئـەم نـاوە لـە گـوڵ عەنبـەرەوە هاتبێـت، بـە هەڵـە بووبێـت بـە خوڵـمار، گوڵـمار، گـوڵ یـان ئەمـار (جـان، ١٩٤٤: ١) .

## سێیەم: مێژووی خورماڵ .

ناوچەکـە بـە گشـتیی مێژوویەکـی دێرینـی هەیـە بـە گوێـرەی پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی ناوچەکـە مـرۆڤ لـە دێـر زەمانـەوە لـە چاخـەکانی پێـش مێـژوو لـە ناوچـەکانی دەشـتی شـارەزووردا نیشـتەجێ بـووە، بـە کشـتوکاڵ و ئاژەڵدارییـەوە خەریـک بـووە، وەک شـوێنەواری گـردی بێستانسـوور، گـردی بەکـراوا کـە هەندێـک لـە چینـەکانی ژێـرەوەی ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمانی پێـش مێـژوو. هەروەهـا لـە سـەردەمە مێژووییەکانـدا و لـە تۆمـارە ئاشـوورییەکاندا بـە تایبـەتی هـەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن؛ ئـەم ناوچەیـە بـە ناوچـەی لوللومێ و زامـوا نـاسرا بـوو (مـارف، ٢٠٢٢، ١٢٩؛ حنـون، ٢٠٠٥: ١٣٦) لـە سـەردەمی مادەکانـدا گوایـە شـاری خورمـاڵ پایتەخـی زستانەی مـادەکان بـووە، بـە (خۆرمـاد) نـاسراوە، لـە لایـەن (قوبـادی کـوڕی فەیـروز) ئاوەدانکراوەتـەوە، قەڵایەکـی درووسـتکردووە بەنـاوی (گوڵامبـار) (لوقـمان، ٢٠١١: ٢٢). خورمـاڵ لـە سـەردەمی ساسـانییەکاندا بەشـێک بـووە لـە قەڵەمـڕەوی دەسـەڵاتیان، رێـگای هاتوچـۆی کاروانەکانیـان بـووە لـە نێـوان تەیسـەفون و شـاری شـیزدا بـە ناوچـەی (نیـم ئـەزاری- نیـم ڕاه) ناسرابـوو لـەلای فارسـەکان، بـە بۆچـوونی (طـە باقـر و فـؤاد سـفر) مێـژووی درووسـتکردنی شـوورا و قـەڵاکان و سیسـتەمی راکێشـانی ئـاوی کارێـزەکانی شـارەکە کـە نـاسراوە بـە کانی گەنجـان لـە سـەردەمی ساسـانییەکاندا درووسـتکراوە (باقـر و سـفر،١٩٦٦: ١٥-١٦) بـە بۆچـوونی ئێمـەی توێـژەر لـە زۆربـەی سـەرچاوە مێژووییەکانـدا نـاوی زەڵـم زیاتـر لـە نـاوی خورمـاڵ هاتـووە، هەروەهـا بـە گوێـرەی ئـەو نەخشەسـازییەی کـە (تەهـا باقـر و فـؤاد سـەفەر) کێشـاویانە بـۆ شـاری خورمـاڵ. دەربەنـدی زەڵـم و گونـدی ئەحمـد ئـاوای ئێسـتا و خورمـاڵ یـەک شـوورابەندی هەبـووە، قـەڵای خورمـاڵ لـە کاتی ئاسـاییدا بـۆ بەڕێوەبـردنی کاروبـاری فەرمانڕەوایـی رۆژانـەی میرنشـینەکان و خەڵکـی بـەکار هاتـووە، هـەر کاتێـک هێـرش کرابێتـە سـەر شـاری خورمـاڵ، خەڵکـی و سـەربازەکانی بەرگـەی جەنگیـان نەگرتبێـت کشـاونەتەوە بـۆ نـاو قـەڵای زەڵـم، چونکـە زۆر سـەخت بـووە بـۆ بەرگرییکـردن، پێداویسـتییە جەنگییەکانیـان تیـا ئامادەکـردووە، چونکـە دەربەنـدی زەڵـم لـە رووی کشـتوکاڵ و ئاژەڵداریـی و ژیـان بـۆ خەڵکێکـی زۆر و سـوپایەکی گـەورە ئەسـتەم بـووە بتوانێـت ژیـانی ئاسـایی رۆژانەیـان

بکەن، هەروەها پێدەشتەکانی خورماڵ بەکار هاتووە بۆ کشتوکاڵ و دەغڵ و دان کردن، زۆر کات ئەم قەڵایە بۆ ماوەی سێ مانگ بۆ ساڵێک ئابلۆقە دراوە، لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی دووەم (٩٩٦ک/ ١٥٨٧ز) قەڵای زەڵم بۆ ماوەی دوو ساڵ ئابلووقە دراوە، ئەم رووداوانە ئەوەمان پێ ئەڵێن کە خورماڵ زیاتر رووبەڕووی کاولکاریی و داگیرکاریی بووەتەوە، بۆیە زوربەی سەرچاوەکان کە دێنە سەر خورماڵ زیاتر باس لە کاولکارییەکانی قەڵای گوڵعەنبەر ئەکەن وەک زەڵم. بە بۆچوونی ئێمە و بەگوێرەی ئەو پاشماوە و شوورابەندەی بە دەوری شاری خورماڵ دا کراوە لە کۆندا ئەم دووقەڵایە پێکهاتەی یەک شاری شورا بەندبوون.

لەسەردەمی یەکەمی فەتحی ئیسلامیدا ناوچەیی شارەزوور لەسەردەستی فەرماندە (عوتبەی کوڕی فەرقەدی سولەمی ) فەتح کراوە، شارەزوور و خورماڵ هەرێمێکی گرنگ بوون بۆ موسڵمانانەکان کردبوویانە بارەگایی هێزەکانیان بۆ هێرشکردنە سەر ساسانییەکان (میرزا، ٢٠١٤: ٧٣٤) لە سەردەمانی ئومەوی (٤٠-١٣٢ک) و عەباسیدا (١٣٢-٦٥٦ک) ئەم ناوچەیە بەشێک بووە لە دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی، چەندین جوڵانەوەیی دژ بە دەسەڵاتی خەلافەت لەم هەرێمەدا بەرپابوو وە لەزۆبەیی سەرچاوە ئیسلامیەکاندا ناسرابوو بە هەرێمی ناوچەکانی چیایی و شارەزوور، دەرکەوتنی چەندین میرنشیی کوردیی کە فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کردووە، سەر بە دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی بوون، وەکوو (حەسنەوییەکان ) (٣٤٩ک/٩٥٩ز)(حسين، ١٩٩٨: ٣٨ )[٢] دواتر هاتنی مەغۆلەکان و سەلجوقییەکان و هۆزی مەڕەسپی و مەڕەڕەش بۆ هەرێمی شارەزوور. هەروەها دەرکەوتنی عوسمانییەکان لە نیوەیی یەکەمی سەدەی شانزەدا لە دوای جەنگی چاڵدێران (١٥١٤ز) باشووری کوردستان بوو بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی.

عوسمانیەکان ناوچە کوردییەکانیان ڕێکخستەوە لە ژێر ناوی ویلایەتدا، شارەزوور بوو بە مەڵبەندی ویلایەتەکە و سەرەتا قەڵای زەڵم کرا بە پایەختی ئەویلایەتە، دواتر گوازرایەوە بۆ قەڵای گوڵ عەنبەر لە شاری خورماڵ (شواني ، ٢٠٢١: ١٢٢) لە ساڵی (٩٧٦ک-١٥٦٨ز) خورماڵ بووە مەڵبەندی و یلایەتی شارەزوور تا سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم، دواتر گوازرایەوە بۆ کەرکوک بە هۆی نزیکی خورماڵ لە سنوری دەوڵەتی سەفەوی، لەگەڵ ئەوەشدا میرنشینە کوردییەکانی وەکوو ئەردەڵانەیەکان و بابانەیەکان فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان بەڕێوەدەبرد، لەم نێوەندەدا چەندین میری بە ناوبانگ دەرکەوتوون گرینگییان بە کاری ئاوەدانکردنەوەیی ناوچەکاندەدا، راستەوخۆ سەر بە دەوڵەتی عوسمانیی بوون، هەروەها ئەم ناوچەیە چەندین جەنگی خوێناویی بە خۆوە بینیوە (مصطفى ، ٢٠٠٣: ٣٠) لە نێوان دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانیدا، لەئەنجامی ئەم شەڕ و ناکۆکیانە لەسەر خاکی کوردستان چەندین ڕێکەوتن نامەیی هێنایە ئاراوە بۆ دابەشکردنی خاکی کوردستان و لاواز کردنی پێگەیی دەسەڵاتی میرنشینەکان، تاوەکوو بکەونە ژێر ڕکێفی هێزە داگیرکەرەکانەوە، وەک پەیمانی زەهاو لە (٧-مایسی ١٦٣٩ز) ناوچەکانی شارەزوور بوو بەشێک لە سنوری دەوڵەتی عوسمانیی (شواني، ٢٠٢١: ٣٦). شارەزوور لە سەردەمی (شاە عەباسی) سەفەویدا بە تەواویی وێرانکراوە قەڵا و قوڵلە و ئاواییەکانی سوتێنراوە، دووبارە ئەم قەڵایە ئاوەدانکراوەتەوە لە سەردەستی سوڵتان سلێمانی عوسمانیی و فەرمانڕەوایەکی بۆدانراوە بە ناوی (شێخ عبداللە) پێیان دەگوت

٢- -دروێش یوسف حسن، الاسرة الشهرزورية ودورها السياسي والحضاري (٤٨٦-٦٣٠هـ) كلية الاداب، جامعة صلاح الدين ، قسم تاريخ ، رسالة ماجستير غير منشورة، هەولیر، ١٩٩٨، ص٣٤. هەروەها تاوەکو ئێستا لە ناو خورماڵدا جۆگەیەکی ئاو هەیە بە ناوی جۆگەی حەسنەوی ، ئەمە بەڵگەی ڕوونە لەسەر مێژووی ئاوەدانی لەسەردەمی حەسنەوییەکاندا لە ناوچەی شارەزور و خورماڵ. ( زەڵمی ، ٢٠٠٨: ٣٨).

(شێخۆ) (العزاوی، ١٤٢٥: ٢٤٤) شێخ عەبدوڵڵا لە ساڵی (١٥٣٥ز) کاتێک سوڵتان سولەیمان بەغدادی داگیرکرد، ئەم بەرێکەوت بۆلایی سوڵتان بۆ شاری بەغداد تا دڵسۆزی خۆیو پێوەندەکانی بۆ دەربخات لە رێگادا خۆی و خزم و پیاوەکانی و هەندێک لە خەڵکی ناوچەیی مەرگە لە گەڵیدا گوژران (دهشن، ٢٠٠٧، ٢١) سوڵتان سلێمان لە ساڵی (٩٤١ک-١٥٣٤ز) لە گەشتێکیدا بۆ ناوچەی شارەزوور و خورماڵ چاوی بە میرانی ئەو ناوچەیە کەوتووە، وەکوو میر مەئمون بەگ و میر سوهراب (سورخاب[٣]) ئەم میرانە بە هۆی دەربڕینی مل کە چی خۆیان بۆ سوڵتان نیشانداوە، بە فەرمانی سوڵتان سەر لە نوێ کلیلی فەرمانڕەوایی ناوچەکانی قەلای زەڵم و نەوێن و سرۆچک و شەمێرانەیان پێدە بەخشێتەوە بە هۆی گوێڕاهێڵیان بۆ سوڵتان (زادە،٢٠٠٣: ١١٥) هەروەها بەهۆی بەرپابوونی ناکۆکی ناخۆیی لە نێوان میرانی بابان و ئەردەڵان لەسەر قەڵەم ڕەویی دەسەڵات لە ناوچەکەدا.

لە سەردەمی سلێمان پاشای باباندا (موسی بەگ) ئەکات بە قایمقامی گوڵ عەنبەر (١١٦٢ک/١٧٤٩ز) (بەگ،١٩٤٥: ٦-٧) دواتر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەڕێوبەرایەتیێک هەبوو لە ناوچەکەدا بە ناوی قەزا لە ساڵی (١٨٤٧) محمد بەگ سەرۆکی هۆزی جاف بووە بە قایمقامی (گوڵعەنبەر) دواتر لەساڵی (١٩٢٥) لەگەڵ درووست بووونی لیوای سلێمانی خورماڵ دەکرێت بە ناحیە (باجگر، ساڵنامەی سلێمانی :٢٠٠١).

## باسی دووەم:

### یەکەم: شوێنگەی مزگەوتی خورماڵ.



وێنەی ژمارە (٦٤٢) منارەی مزگەوتی خورماڵ. توێژەر (2015)

ئەم مزگەوتە ئەکەوێتە ناو ناحیەی خورماڵ لەبەشی باکووریی خۆرهەڵاتیدا ئەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوایی قەلای کۆنی گوڵعەنبەر، لەبەشی خورماڵی کۆندا، لە باکووری مزگەوتەکەدا سەرچاوەیی ئاوێکی زۆرهەیە کە بە (کانی گەنجان) ناسراوە، کانی گەڕاو و قەلای گەڕاو دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای مزگەوتەکە.

لە بەشی باشوورییەوە رووباری زەڵم دەوریی داوە، مزگەوتی گەورەیی خورماڵ لە کۆندا ناوەندێکی گرنگی ئایینی و زانستیی بووە، هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەیی شارەزووردا ڕۆڵی گەورەی بینییەوە لە پێگەیاندنی زانا و کەسایەتی ناودار لە ناوچەکەدا (حسین،٢٠٢٣: ٦٠) ئەم مزگەوتە لە ڕێکەوتی (١٩٤٣/١١/١٠) تۆمارکراوە وەک شوێنەوار بە ژمارە (١٩٥) لە رۆژنامەیی (الوقائع العراقیە ) دا بەژمارە (٢١٢٦) تۆمارکراوە بە ناویی شوێنەواریی (خورمال جامع) (المواقع الاثریە ،١٩٧٠: ٣٤٣). ئەم مزگەوتە سەرچاوەی ئاوەکەی بە کارێز لە بەشی باکووری شارەکەوە بۆ ڕاکێشراوە بۆ ناو مزگەوتەکە. بە بۆچوونی (طە باقر) درووستکردنی ئەم کارێزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان (باقر و سفر،١٩٦٦:

١٦ ) لـە ئێسـتادا مزگەوتەکـە هیـچ پاشـماوەیەکی بیناسـازی نەمـاوە تەنهـا بناغەیـی مزگەوتەکـە و منارەیـی مزگەوتەکـە، دوایـی ئەوەیـی خەڵکـی ناوچەکـە داوایـان کـرد مزگەوتەکـە درووسـتبکرێتەوە شـارەوانی خورمـاڵ لـە سـاڵی ( ٢٠١٤ز) هەسـتا بـە پاککردنەوەیـی شـوێنی مزگەوتەکـە، دەسـتیانکرد بەفڕێـدانی پاشـماوەی بـەردوو داریـی شـوێنەواریی مزگەوتەکـە تاوەکـوو لـە جێگایـدا بینایەکـی نـوێ بنیـات بنێنـەوە، بـە بێهیـچ پلانێکـی زانسـتیانەی پێـش وەختـە ئـەو کارەیـان ئەنجامـدا، بـەڵام خۆشـبەختانە دوای ڕاگرتنـی کارەکە، لەلایـەن خەمخۆران و شوێنەوارناسـانی ناوچەکـەوە سـەر لـە نوێـێ دەسـتیانکرد بەدانـانی پلانێکـی زانسـتییانە بـۆ ئـەوەی لـەو ڕێگەیەوە دەسـتیانکرد بـە کۆکردنـەوەی بەڵگەنامـەو وێنـە کۆنانـەکانی دەربارەیـی بیناسـازیەکەی، ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەو بۆچوونـە جیاوازانـە دەخەینـەڕو کەلـە زۆرێـک لەسـەرچاوەکاندا بـاس لـە مێـژووی دروسـتکردنی مزگەوتەکـە ئـەکات. (وێنـەی ژمـارە (٢)

## دووەم: مێژووی مزگەوتی خورماڵ:

بەگوێـرەی سـەرچاوە میژووییـەکان و بییروبۆچـوونی خەڵکـی ناوچەکـە مێـژووی دروسـتکردنی ئـەم مزگەوتـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی فەتحـی ئیسـلامی بـۆ ناوچـەی شـارەزوور، گوایـە لـە سـەر دەسـتی (عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر) دروسـتکراوە، بـەڵام ئـەم بۆچوونـە تاوەکـوو ئێسـتا هیـچ سـەرچاوەیەک پشتراسـتیی نەکردۆتـەوە کـە (عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر) بەشـداریی لـە جەنگـی فەتحـی عێـراق و ناوچـەکانی شـارەزووردا کردبێـت، خـاوەنی دەسـەڵاتی بڕیـاردان نەبـووە (مودەریـس،١٩٨٤: ٤٢١ ) ئـەوەی جێـگای ئامـاژە بـۆ کردنـە موسـڵمانەکان لـە فەتحـی عێراقـی عەرەبیـدا لـە سـاڵی (١٤ك-٦٣٢ز) شـاری بەسرەیـان ئازادکـرد یەکـەم کاریـان بریتیـی بـوو لـە دروسـتکردنی مزگـەوت و سـەربازگە، مزگـەوت کاری لـە پێشـینەی موسـڵمانەکان بـوو بـۆ بڵاوکردنەوەیـی ئایینـی ئیسـلام، بـۆ بەجێگەیانـدنی ئەرکـی خوداپەرسـتی و کۆبوونـە و داڕشـتنی بەرنامـە بـۆ کاروبـاری دینـی و دنیایـی موسـڵمانان لـە مزگەوتـدا دەکـرا، موسـڵمانەکان شـوێنی دیـاری کـردنی مزگەوتەکانیـان لـە ناوەنـدی شـارەکانو سـەربازگەکاندا بنیـات دەنـا (حمیـد،١٩٨٥: ١٢) دەتوانیـن بڵێیـن بێگومـان بناغـەی دروسـتکردنی مزگـەوتی خورمـاڵ ئەگەڕێتـەوە بۆ سـەردەمی فەتحـی ئیسـلامی لەسـاڵی (١٨ک)لـە دوای فەتحـی شـارەزوور دروسـتکراوە بـە مەبەسـتی بڵاوکردنـەی ئایینـی ئیسـلام بـە نـاو خەڵکـی ناوچەکـەدا. مێژوونـووس موسـعر ئیـبن موهەلهـەل (٣٣١هـ-٩٧٢-٩٤٣ز) سـەردانی شـارەزووری کـردووە، ئەڵێـت لـە نێـوان شـاری (نیـم ازرە) و (بیـر) دا لـە شـارەزوور، شـارێک هەبـووە نـاوی (دزدان) شـورابەندێکی بەهێـزی هەبـووە لـە ناویـدا دەریاچەیـەک هەبـووە ئاوەکـەی بـۆ دەرەوە دەڕۆیشـت، مزگـەوت و جامعـی هەبـووە (مهلهـل،١٩٥٠ : ٥٩). لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی حەسـنەویدا (٣٣٠-٣٦٩ک) ناوچـەی شـارەزوور گەشـانەوەیەکی گـەورەی بەخۆوەبینیـوە لـەڕووی ئاوەدانکردنـەوە و گەشـەیی زانسـتیی و بیناکـردنی مزگـەوت و قوتابخانەیـی ئایینـی و پـردوو، بەتایبـەت لـە سـەردەمی میـر بـەدری حسـنەوەیدا، هەروەهـا یاقـوتی حەمـەوی لـە نێـوان سـاڵانی (٦١٥-٦٢٥ک) سـەردانی ناوچـەی شـارەزووری کـردووە بـاس لـە زۆری زانـاو قازیـەکانی ئـەکات کـە لـە ژمـارەدا ئەوەنـدە زۆر بـوون ناتوانرێـت ئاماژەیـان پێبکرێـت (صاڵـح، ٢٠٢١: ٣٦-٣٧ ) .

تۆفیـق وەهـەبی لـە گەشـتەکەیدا بـۆ شـاریی خورمـاڵ دەچێتـە مزگـەوتی خورمـاڵ ئەڵێـت تابلۆیەکـی بەردیـن لـە سـەردەرگای (قاعـە الصـلاة) هۆڵـی سـەرەکی نوێژکـردن لـە سـەر دیوارەکـەی هەڵواسرابـوو ئـەم تابلـۆ بەردییـە پارچەیـەک هۆنـراوەی بـە زمانـی فارسـی لەسـەر تۆمارکـرا بـوو، توفقـی وەهبـی ئەڵێـت ئـەم مزگەوتـە لـە لایـەن

سـوڵتان سـەلیمی دووەم درووسـتکراوە (٩٣٠-٩٨٢ک-١٥٣٣-١٥٧٤ز) لەلایـەن سـلێمان پاشـای بابـان دوای ئەوەیـی بەهـۆی شـەڕ و کاولـکاری هێـزەکانی سـەفەوی بـۆ سـەر ناوچەیـی شـارەزوور لـە سـەردەمی نادرشـاهدا تـووشی وێـرانی و کاولـکاری هاتـووە لـە سـاڵی (١٧٤٣ز)، دووبـارە نۆژەنکراوەتـەوە قوتابخانەیەکـی بـۆ زیـاد کـرد بـۆ زانـاو فێرخـوازەکانی، هەروەهـا ئـەو کەسـەیی کـە سەرپەرشـتی نۆژەنکردنەوەکـەی کـردووە نـاوی مـوسی بـەگ بـووە (بیـک، ٢٠١٨: ٥ ).

سـەبارەت بـە دەسـەڵاتی سـوڵتان سـەلیمی دووەم لـە سـاڵی (١٥٠١تـا١٥٠٨ز) ناوچـەکانی دیاربەکـرو ماردیـن و موسـڵ و عێراقـی عـەرەبی و شـاری بەغدادیـی دەسـت بەسـەرداگرت، سـەفەوییەکانی لـەم ناوچانـە وەدەرنـا، هـۆزە کوردییـەکان لـە ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانیدا مانـەوە خۆیـان ناوچـەکانی خۆیـان بەڕێوەدەبـرد (فریـد،٢٠١٤: ١٠٢) لـەدوای جەنگـی چاڵدێـران (١٥١٤ز) دژ بەدەوڵـەتی سـەفەوی داگیرکـردنی تەبرێـزی پایتەخـت و هەڵهاتنـی شـاە ئیسـماعیلی سـەفەویی (سـوڵتان سـەلیمی دووەمـی عوسـمانیی ) لـە سـاڵی (٦٤١ک-١٥٣٥ز) بـۆ جـاری دووەم چووە سـەر ناوچـەکانی شـارەزوور بـۆ درێـژەدان بـە جەنـگ دژ بـە دەوڵـەتی سـەفەویی و دەرکردنیـان لـە ناوچەکـەدا، هەروەهـا سـوڵتانی عوسـمانیی دەسـتی بـە سـەر ناوچـەکانی قـەڵای قزڵجـەو قـەڵای کچێـدا گـرت لـە ناوچـەی پێنجوێـن چـوونی هێـزی عوسـمانیی بـۆ شـارەزوور و خورمـاڵ (حسـین ،٢٠٢٣، ٦٤).


بـە گوێـرەی سـەرچاوەکان بۆیەکـەم جـار لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی سـوڵتان سـەلیمی دووەمـی عوسـمانیدا ئـەم مزگەوتـە نۆژەنکراوەتـەوە، بـەڵام سـەبارەت بـە (سـەلیم پاشـای بابـان) کـوڕی بەکرەسـور (١١٦٠-١١٦٤ک-١٧٤٦-١٧٤٥٠ز) ئـەم میـرە بابانییـە هاوسـەردەمی (سـوڵتان غـازی موسـتەفای سـێ یەم)بـووە، سـەلیم پاشـا لایەنگـری نادرشـای ئێـران بـوو، چەنـد جارێـک رووبـەرووی هێـزی عوسـمانیی و والی بەغـداد ئەحمـد پاشـا بۆتـەوە لـە قـەڵای سرۆچکـدا (١١٦٠ک-١٧٤٧ز)(قەفتـان، بـێ سـاڵ: ٥٩-٦٠) لـە سـەردەمی سـلێمان پاشـایی والی بەغـداد لـە نزیـک بەغـداد ڕووبـەڕوی یـەک دەبنـەوە لەسـاڵی (١١٦١ک/١٧٤٧) لـە دوایـی شـکانی سـەلیم پاشـا، سـلێمان پاشـایی گـەورە کـوڕی خالیـد پاشـا دەسـت بەسـەر دەسـەڵاتی میرنشـینی بابانـدا دەگرێـت، ئـەم میـرە بابانییـە پەیوەندییەکـی زۆر بەهێـز لەگـەڵ سـلێمان پاشـایی والی بەغـداد دادەمەزرێنێـت دژبـە دەسـەڵاتی ئێرانییـەکان تـوانی رووبـەڕووی سـەفەوییەکان ببێتـە وە لـە سـەرچۆمی ناریـن (بـک، ١٩٤٥: ٢٤٠)

بـە بۆچـوونی توێـژەر ئـەم مزگەوتـە لـە سـەردەمی سـەلیم پاشـای بابـان نـۆژەن نەکراوەتـەوە بەپشـت بەسـتن بـەو سـەرچاوانەی کـە بـاسی ڕووداوەکانئـەکات هیـچ پەیوەندیـی بـەکاری نۆژەنکردنـەوەی ئـەم مزگەوتـە نەبـووە، هەروەهـا جەمـال بابـان ئەڵێـت لـە سـاڵی (١١٦٠ک-١٧٤٧ز) لەلایـەن سـەلیم پاشـای بابانـەوە نۆژەنکراوەتـەوە بـۆ ئـەم زانیاریـەش پشـتی بـە دێـڕە شـیعرەکەی سـەر تابلۆکـە بەسـتووە کـە گوایـە ئـەوە نـاوی سـەلیم پاشـای بابانـە ئـەم کارەیکـردووە (بابـان، ١٩٨٥: ١٠٤) بـە گوێرەیـی بەڵگەنامـە و ڕووداوەمێژووییـەکان سـەلیم پاشـای بابـان لـە سـاڵی (١١٦٠ک/ ١٧٤٧ز) دژی دەسـەڵاتی ئەحمـەد پاشـای والی بەغـداد هەڵگەڕاوەتـەوە لە سـاڵی (١١٦١ک/١٧٤٨ز) لـە لایـەن والی بەغـداد دەگیرێـت ودەبێتـە بەغـددا لەوێـێ دەستبەسـەردەبێت بۆماویـەک ئەیـی هێڵنـەوە. دواتـر لەسـاڵی (١١٦٤ک/١٧٥٠ز) دەچێتـە ئێـران بـۆ ماوەیـی دوو سـاڵ لەوێـێ دەژیـی، دووبـارە بـە یارمـەتی کەریـم خـانی زەنـد دەیەوێـت دەسـت بـە سـەر ناوچـەکانی لیـوای بابانـدا بگرێـت، لەکارەکەیـدا سـەرکەوتوونابێت کۆتاجـار ئەگەڕێتـەوە بـۆ لای والی بەغـداد تاوەکـو لێیخۆشـبێت، والی بەغـداد بـە نهێنـی فەرمـانی لـە سـێدارەدانی بـۆ دەرئـەکات (رۆوف، ٢٠١٢: ١٤٨-١٤٩) دواتـر دووبـارە هەڵدێتـەوە، لـە دوای شـەڕی قـەڵای قزڵجـە دووبـارە

داوایـی لێخـۆش بـوون لـە والی بەغـداد ئـەكات لـە سـاڵی (١١٧١ک-١٧٥٧ز) كۆچـی دوایـی ئـەكات (بـک، ١٩٥٤: ٢٣٨-٢٣٩ ) .

خورشـید پاشـا ئەڵێـت بـە گوێـرەی ڕیوایـەتی كتێبـی (جهاننامـە ) قـەڵای گـوڵ عەنبـەر لـە لایـەن شـاه عەبـاسی ئێـران لـە سـاڵی (١٠٣٩ک) وێرانکـراوە، ئەڵێـت ئـەم قەڵایـە لـە ئێسـتادا وێرانەیـە پاشـماوەكانی لەسـەر گردی پشـت مزگەوتەكـە ماوەتـەوە، هەروەهـا ئەڵێـت خەڵكـی ناوچەكـە دەڵێـن ئـەم قەڵایـە پاشـماوەی شـوێنەواری دەسـتی سـوڵتان سـەلیمی عوسـمانیە، هەروەهـا ئلێـت لـە گوندیـی گـوڵ عەنبـەر  مزگەوتێـک (مسـجد جامـع ) هەبـوو كـە لەلایـەن سـوڵتان سـەلیمی دووەم دروسـتكرابوو، پێنـج نوێـژە فەرزەكـەی تێدادەكـرا و حوجـرە و مەدرەسـەی تێدابووە(پاشـا،٢٠٠٩ : ٢٩٣-٢٩٤). هەروەهـا بـە گوێـرەی پەراوێـزی نـاو دەستنووسـەكانی ئەوقـافی سـلێمانی كەتێـدا هاتـووە ئەڵێـت بـۆ یەكـەم جـار سـوڵتان سـەلیمی عوسـمانیی هەسـتاوە بـە نۆژەنكردنـەوەی، بـۆ دووەم جـار لەسـەردەمی موسـی بـەگ كـە لەلایـەن سـلێمان پاشـای گـەورەی بابـان كـراوە بـە قیمقامـی قـەزای خورمـاڵ مزگـەوت و مەدرەسـەكەی ئاوەدانكردۆتـەوە (محمـد، ١٩٨٣: ٣٥٦ ). ئـەم هۆنراوەیـە مێـژووی نوژەنكردنەوەكەمـان بـۆ ساخئەكاتەوە، دوور نییـە ئـەم پارچـە هۆنراوەیـە لـە لایـەن مـەلا (نوروڵڵا كاكـۆ زەكەریایـی) لە سـاڵی (١١٦٢ک /١٧٤٨ز) نووسرابێـت، هەروەهـا لەسـەر فەرمـانی مـوسی بـەگ دوای لـە مـەلا نوروڵـڵا كـردووە كـە كتێبـی (محمدیـە ) لـە سـەر زمـانی توركیـەوە وەرگێڕێتـە سـەر زمـانی فـارسی (مـەلا صالـح،٢٠١٠: ٥٥).

هەروەهـا لـە یاداشـتەكانی (مـەلا محەمـەد سـەرگەتیدا) هاتـووە ئەڵێـت باپیـرە گەورەمـان بابـا ئوەیـس زانایەكـی گـەورە بـووە شـاریی خورماڵـی كردۆتـە مەڵبەنـدی زانسـت و زانیاریـی و خواپەرسـتی، بەهەمـوو لایەكـدا ناوبانگـی بڵاوبووبـۆوە، لـە سـەردەمی سـوڵتان سـەلیمی عوسـمانیدا (٨٦٠ک-١٤٣١ز) مزگـەوتی خورماڵـی بـۆ نۆژنكردۆتـەوە لـە سـاڵی (٩٠٥ک-١٤٧١ز) كۆچـی دوایـی كـردووە.




وێنەی ژمارە (٣) وێنەی مزگەوتی خورماڵ ، گۆڤاری ثروت فنون.

 هەروەهـا ئەڵێـت لەسـاڵی (٩٤٥ک-١٥٣٨ز) بـە بۆنـەی شـەری نێـوان مەمـوون بـەگ و میـری عوسـمانیی لـە ناوچـەی شـارەزووردا بـۆ مـاوەی دە سـاڵ ناوچەكـە ڕووبـەڕووی وێرانكارێكـی گـەورە بۆتـەوە، مزگـەوتی خورمـاڵ بەشـێک بـوو لـە وێرانكاریـە قوتابخانـە و حوجـرەكانی چۆڵكـرا هیـچ فەقـێ و سـوختە و موسـتەعیدێک ڕووی تێنـە دەكـرد بـە هـۆی جەنگـەوە (محمـد، ١٩٨٥: ٥٤-٥٥).

هەروەهـا بـە گوێـرەی بەڵگەنامـەكانی عوسـمانی ئـەم مزگەوتـە لـە (٥ شەوالی)سـاڵی (١٢٨٣ک-١٨٦٦ز ) بەژمـارە (٠٠٠٨٩،٠٠٥٢٢) لـە لایـەن (شـێخ محەمـەد سـادق) نێـردراوە بـۆ والی بەغـداد ئاماژە بـەوە ئـەكات لـە قەزایـی گوڵعەنبـەر سـەر بەسـنجاقی سـلێمانی جامیعـی سـوڵتان سـەلیم خـان غـازی دروسـتكراوە و نۆژنكراوەتـەوە و نوێكراوەتـەوە، ئـەوەی جێـگای سـەرنجە لـەم بەڵگەنامەیـەدا ئەوەیـە كەنـاوی سـوڵتان سـەلیم خـان دووبـارە باسـكراوەتەوە لـە زۆربـەی سـەرچاوەكانو و


بەڵگەنامەکانـدا نـاوی سـوڵتان دووپاتکراوەتـەوە، ئـەم بەڵگەنامەیـە سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتیەن کـە بـۆ یەکـەم جـار لەسـەردەمی سـوڵتانی عوسـمانیی ئـەم مزگەوتـە نۆژەنکراوەتـەوە، هەروەهـا ووشـەی (نـزاکارە دێرینانـەکان) بەکارهاتـووە، ئەمـە بەڵگـەی سـەلمێنەری کـۆنی مزگەوتەکـە دەرئەخـات، واتـە بـەر لـە سـوڵتانی عوسـمانیی ئـەم مزگەوتـە درووسـتکراوە (باجگـر،٢٠١٩: ٥٧). بـە تێگەیشـتنمان بـۆ ئـەم بەڵگەنامەیـە ئەوەمـان پێئەڵێـت ئەمـە کۆتـا جـاری نۆژەنکردنـەوەی مزگەوتەکـە بـووە، لـە دوای ئـەم بـەروارەوە (١٢٨٣ک/١٨٦٦ز). لـە هیـچ سـەرچاوەیەکدا نەهاتـووە لـە دوای نەمـانی دەسـەڵاتی عوسـمانیی نۆژەنکرابێتـەوە. لـە سـاڵی ١٩٨٨ز لـە سـەر دەسـتی ڕژێمـی بەعـس بەتـەواوی وێرانکـراوە.

لـە ئەنجامـی شرۆڤەکـردنی بەڵگەنامـەو سـەرچاوە مێژوویـی و گێڕانـەوە زارەکییەکانـدا سـەرەتای درووسـت بـوونی مزگەوتەکـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ فەتحـی ئیسـلامی، وە زۆربـەی سـەرچاوەکان ئامـاژە بـە نـاوی سـوڵتان سـەلیمی عوسـمانیی ئەکـەن کـە نـۆژەنی کردۆتـەوە یاخـود سـەر لـە نـوێ بنیـادی ناوەتـەوە، بـە گوێـرەی ئـەو بەڵگەنامـە کانـوو سـەرچاوەکان، وەتـا وەکـوو ئێسـتا لەزۆربـەی سـەرچاوە کوردیەکانـدا ئەوتـرا ئـەم مزگەوتـە لەلایـەن سـەلیم پاسـای بابـان بیناکـراوە. هەروەهـا لـە گۆڤـاری (ثـروت فنـون) لـە ڕێکـەوتی (١١-٥-١٣١٦هیجـری ڕۆمـی) (١٨٩٨ز) وێنـەی مزگەوتەکـەی بڵاوکراوەتـەوە (مجلـە ثـروت فنـون: ١٣١٦). (وێنـەی ژمـارە-٣). لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بـە گرنگمانـزانی شرۆڤـەی ئـەو پارچـە هۆنـراوەی سـەر تابلـۆ بەدریـە هەڵکۆڵدراوەکـەی مزگەوتەکـە بخەینـەڕوو، و بـۆ ئاشـنابوون بـەو هێمـاو نووسـینوو نەخـش و نیگارانـەی کـە لـە سـەر ئـەم پاشـماوە شـوێنەواریە ماوەتـەوە، پەیوەندیـی بەلایـەنی جوانـکاری و شـکڵ و ناوەڕۆکـی بابەتەکـەوە هەیـە کاریگـەری لـە سـەر لایـەنی دەرونی و جـوانی هەیـە، بـە تایبـەت ئەگـەر ئەونووسـینە پەیوەنـدی بـە لایـەنی ئایینیـەوە هەبێـت (یاسـین،٢٠٠٦: ٢٤٣ )، بـۆ لێکدانـەوەی واتـای سـەرەکی هۆنراوەکـە بەچمەبەسـتێک هەڵکۆڵـدراوە. ئـەم جـۆرە کارانـە لـە هونـەری ئیسـلامیدا بـە مەبەسـتی جـوانی و ڕازاندنـەوە بەکارهاتـوون، لـە هەمانکاتـدا بـۆ بـەرز مانـەوەی نـاوی ئـەو میـر و سـوڵتانانەی پـرۆژە و کاریـی خێرخوازیـان ئەنجـام داوە تاوەکـو ناویـان لـە تابلـۆی یادگاریـەکان (الـواح التذکاریـة) مێـژوودا بـە زینـدوی بمێنێتـەوە، و خەڵکـی سـتایشی کارە خێرخوازیەکانیـان بکـەن.

سێ یەم: ناسنامەی هونەری تابلۆی مزگەوتی گەورەیی خورماڵ :

| | |
|---|---|
| سەرچاوە | مزگەوتی گەورەی خورماڵ |
| جۆری کەرستە | تابلۆی بەردی بناغەی مزگەتی خورماڵ |
| پێوانەکەی | درێژی ١م، پانی ٨٠سم، ئەستوری ١٥سم |
| ژمارەی خانە ئەندازەییەکانی | ٧خانەی لاکێشەیی |
| ژمارەی دێڕ | حەوت دێر نووسین |
| جۆری نووسین | نەستەعلیقی فارسی |
| مێژوو | ١١٦٢ک |
| زمان ( اللغة) | فارسی |
| بابەتی نووسراو | هۆنراوەی فارسی مەدحوسەناکردن |
| حاڵەتی شوێنەوارەکە | باشنیە، بۆتە سێ پارچە |
| جۆری نەخش | نووسین |
| جۆری بەرد | مەرمەڕ |

| | |
|---|---|
| ڕەنگ | سپی |
| شێوازی هەڵکۆڵین | بارز(النحت البارز) (پەیکەربەندی دیار) |
| شوێنی پاراستنی | مۆزەخانەی سلێمانی |
| ژمارەی ڕوو پێوی | ٩-١٠-٢٠٢٠ |




وێنەی ژمارە (٤) تابلۆی بەردی بناغەی مزگەوتی گەوری خورماڵ ، سەرچاوە ئەرشیفی عبدالرقیب یوسف.

خوێندنەوەی دەقی نوسینی سەرتابلۆی مزگەوتەکە :

| | |
|---|---|
| ١-والي ملك جودو كهف عباد | ان سليمان تخت عزت داد |
| ٢-يد بيضا نمود موسى را | حكم كلعنبر ش زلطف بداد |
| ٣- در بناهايى خير شد ساعى | بهراجر و ثواب روز ى معاد |
| ٤-مسجد كهنه سالى شا سليم | أيد گشت جاي قرزو رماد |
| ٥-از كرم جند بدره در تمير | صرف كرد بيافت اجر ى مراد |
| ٦-اين اشارت ز غيب شد تاريخ | بود مسجد بذكر حق أباد. |
| | ١١٦٢ه |

دەقی وەرگێرانی هۆنراوەکە لە فارسیەوە بۆسەر زمانی کوردی .

بە هۆی شکانی بەشێک لە تابلۆ بەردینیەکە سێ دێڕ لە هۆنراوەکە نەماوە، بەڵام خۆش بەختانە هەندێک لە سەرچاوە و دەستنووسەکان ئەم هۆنراوەی تێدا تۆمارکراوە لە فەوتان پارێزراوە، لەم توێژینەوەیدا دەستمانکردووە بە دووبارە دارشتنەوەی هۆنراوەکە و بەراوردکردنی دێڕەکانی بەوەی کە لە سەر تابلۆکە هەڵکۆڵدراوە مە هەیە، لە ئێستادا ئەم تابلۆ بەردییە لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراوە، بەڵام زۆر هەوڵماندا وێنەی تەواویی بەشەکانی وەربگرین، بە بیانووی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە و بڵاو نەبوونەوەی دۆکیومێنتەکانی مزگەوتە گوایە لیژنەی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە ڕێگە بەهیچ کەس نادات وێنەی بگرێت،

خۆشبەختانە توانیمان لە ڕێگای پێگەی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفەوە ئەم وێنەیەمان دەست بکەوێت کە بەکامێرای خۆی تۆماریکردووە.

دەقی وەرگێرانەی نووسراوەکە بۆ سەر زمانی کوردی بەم شێوەی خوارەوەیە.

١-سەرداری قەڵەمڕەوی بەخشین و ئەشکەوتی خواپەرستان

ئەوە سلێمانە لەسەر تەختی شکۆو داد گەری دانیشتووە

٢- دەستی سپی نیشانی موسی دا فەرمان ڕەوای گوڵعەنبەری بە سۆزەوە دایەوە

٣- لە بنیاتنانی خێردا تێکۆشا لە پێناوی پاداشتی ڕۆژی گەڕانەوە

٤-مزگەوتی کۆنە ساڵی شا سەلیم کەبینی بووەتە جێی خاک و

٥-لەڕووی بەخشندییەوە چەندکیسە زێرو زیوی بۆ نۆژنکردنەوەی

سەرفکرد و پاداشتی خوا زراوی بە دەست هێنا

٦-ئەم ئاماژەیە لە غەیبەوە بوو بە مێژوو بەیادی خودای حەق، ئاوەدان بوو(صالح،٢٠٢١: ٤٥-٤٦)

(٤) ١١٦٣ک.

بەهۆی کاریگەری ئەدەبیات و زمانی فارسی ساڵە کەی بە ژمارەی فارسی تۆمارکراوە.

سەبارەت بە شیکردنەوەی هۆنراوەکە، ئەوەمان پێئەڵێت کە ئەم مزگەوتە مێژوویکی زۆر دێرینی هەیە، لە دێڕی چوارەمدا ئەڵێت (مزگەوتی کۆنی شاە سەلیم) واتە مزگەوتەکە لە سەردەمی سوڵتان سەلیم چاکراوەتەوە و نۆژنکراوەتەوە، چونکە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ئاماژەی بەکۆنی مزگەوتەکە کراوە تەنها ناوی سوڵتان سەلیم هاتووە، وەک لە کتێبی سلێمانی لەبەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ئەم دەستەواژەیە دووپاتکراوەتەوە. هەورەها لەدێڕی یەکەمدا ناوی (سلیمان) هاتووە، بەبۆچوونی ئێمە مەبەستیی سلێمان پاشای بابان وسولتان سلێمانی عوسمانیە، چونکە ماوەی وەرگرتنی دەسەڵاتی سلێمان پاشا لەساڵی (١١٦١ک/١٧٤٨ز) دەست پێئەکات بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانیی لە ناوەراستیی مانگی زی العقدەی ساڵی (١١٦١ک) نێردراوە بۆ موتەسەڕیفی لیوای بابان، سلێمان پاشا (زانیاری کارگێڕی) سلێمان پاشا کوڕی خالید پاشای بابانی کە چۆن لە شەجرەیی بنەماڵەکەیاندا ناوی هاتووە، دەست ئەکات بەفەرمانڕەوای لیوای بابان لە ساڵی (١١٦٠ک/١٧٤٧ز) (رؤوف،٢٠١٤: ١٤٧-١٤٩).

لە دێڕی دووەمی هونراوەکەدا ناوی (موسی) هاتووە مەبەست لێی هەمان ئەو موسی بەگەیە کە سلێمان پاشای بابان کردوویەتی بە فەرمانڕەوای گوڵعەنبەر، هەر لە سەر فەرمانی ئەوە ئەم مزگەوتە نۆژەنکراوەتەوە، هەندێک لە مێژوونووسەکان ئەڵێن موسی بەگ دوو ساڵ پێش سلێمان پاشای بابان دەسەڵاتی وەرگرتووە، بەڵام بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانیی، دکتۆر عیماد عبدالسلام ئاماژەی پێکردووە ئەمە دوورە لەڕاستیەوە.

سلێمان پاشای بابان زیاتر لە چوارده ساڵ فەرمانڕەوایی لیوای بابانی کردووە، هاوکار وهاو پەیمانی والی عوسمانیی بووە لە بەغداد، باجی لێوەر نەگرتووە لە بەرامبەردا. هەروەها لە دەقی وەسیەت نامەکەیدا هاتووە ئەڵێت (وعلی مدرسە گلعنبر و مدرسە وطلاب وجامعە) واتە بەخشینی پارەوو ماڵ بۆ مەدرەسەی گوڵعەنبەر و مامۆستا و فێرخوازەکانی و مزگەوتەکە (الخال، ٢٠٢١: ١٧-١٨). هەروەها یەکێکی تر لەو بەڵگانە، بریتیە لە هۆنراوەکەی پیرەمێرد لە گەشتێکی بۆ شارۆچکەی گڵعەنبەر لەساڵی (١٩٤١ز) ئەم چوارینەی نووسییوە .

٤ - هەروەها بە گوێرەی لێکدانەوەی نیو دێڕی کۆتایی بەحروفی ئەبجەدی (بذکر ٩٣٢- حق ١٠٨- آباد ٨) دەکاتە (١١٦٢) کۆچە بەرامبەر (١٧٤٢ز) (حەکیمی مەلا صالح ، هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٥٩).

سوڵتان سەلیم گۆی شاهی بردەوە

قوبەومنارەی تازەکردەوە

قەڵایەکی کرد بەو سەرگردەوە

سەربەرزی خستە قەومی کوردەوە.(پیرەمێرد،٢٠٠٩: ٣٨٥)

هەروەها پیرمێرد بەهەمان شێوە ناوی سوڵتان سەلیمی عوسمانیی دووبارە کردۆتەوە، تەواوی ئەم بەڵگە و نووسراوانە ئەوە دووپات ئەکەنەوە کە ئەم مزگەوت دووبارە لە لایەن ئەم سوڵتانەوە دروستکراوە تەوە و نۆژەنکراوەتەوە، شاعیران و نووسەران بۆ تۆمارکردنی ڕووداوە میژووییەکان سودیان لە قسەی خەڵکی بەتەمەنی ناوچەکە وەرگرتووە، سەرەڕای ئەوەی کە پیرەمێرد خوێندەوارێکی زۆرگەورە بووە لەرۆژگاری خۆیدا شارەزایی لە کاروبار و مێژووی دەوڵەتی عوسمانیی ماوەیەک لە ناودەوڵەتی عوسمانیدا کاربەدەست و فەرمابەدەست بووە، کارمەندی دادنووسی شارباژێڕ بووە و شارەزای ناوچەکە بووە (بژار و مارف، ٢٠٢٢). لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتین بەم دەرئەنجامانە.

## دەرئەنجام و پێشنیار :

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم خاڵانە.١ - مزگەوتی خورماڵ لە سەردەمی فەتحی ئیسلامیدا بۆ یەکەم جار بیناکراوە هاوشێوەی ئەو هەرێم و شارانەیی کە موسڵمانەکان ئازادیان دەکرد، سەرەتای یەکەم کاریان لەو ناوچانەدا دروستکردنی مزگەوت بووە، چونکە مزگەوت شوێنی کۆبوونەو بڕیاردانی کاروباری موسڵمان بووە لە هەمانکاتدا بۆ ئەنجامدانی کاریخودا پەرستی و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بە ناو نەتەوە تازە موسڵمانە بووەکاندا. بە بۆچوونی ئێمەی توێژەر سەرەتای دروستکردنی ئەم مزگەوتە هیچ پەیوەندی بە (عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوری خەتاب)ە وەنییە، لە ئەنجامی گەڕان و شرۆڤەکردنی بابەتەکە لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسنەکراوە، تەنها لە دەمی خەڵکییەوە ئەم گوتەیە گێڕدراوەتەوە.

٢- هەروەها بە شیکردنەوی سەرچاوەو بەڵگەنامەکانی سەردەمی عوسمانیی گەیشتینە ئەو بۆچوونەی کە ئەم مزگەوتە لە پێش هاتنی عوسمانیەکان بۆ ناوچەی خورماڵ دروستکراوە، چونکە لە زۆربەی بەڵگەنامەکاندا دووپاتی ووشەی (نزارگە دێرینەکان) کراوەتەوە، ئەمە دەرخەری ڕاستی وکۆنی مێژووی مزگەوتەکەیە.

٣- هەروەها بەتێڕوانینمان بۆ تابلۆ بەردییەی مزگەوتەکەو بەڵگەنامەو سەرچاوەکان لەسەر مێژووی مزگەوتە ئەوەیەک کە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سوڵتان سەلیم نۆژنکراوەتەوە، و بۆ جاری دووەم لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی و سلێمان پاشای بابان دووبارە کاری نۆژنکردنەوەی بۆکراوە، بە سەربەرشتی موسی بەگی قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەر، بە پاڵپشت بە وەسیەتنامەکەی سلێمان پاشای بابان کەتێیدا هاتووە پارەوە ماڵ بۆ ئەم مزگەوتە سەرف بکرێت.

٤-بۆ جاری سێیەم ئەم مزگەوتە لە ساڵی (١٨٦٦ز) نۆژنکراوەتەوە لە سەردەمی عوسمانیی، دووبارە لەم بەڵگەنامەکاندا وشەی (نزارگە دێرینەکانی) هاتووە لەگەڵ ناوی سوڵتان سەلیمی عوسمانیی، ئەم بەڵگانە تەواوی ئەو ڕاستیانە دەخەنەڕوو کە ئەم مزگەوتە سێ جار لەسەردەمی عوسمانیی نۆژنکراوەتەوە.

٥- لە ئەنجامی شرۆڤەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتین بەو ڕاستیەی کە سەلیم پاشای بابان کاری نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی نەکردووە .

٦- لەم توێژینەوەیدا سەرەڕای بوونی بەڵگەی مێژوویی توانیومانە سود لە بەڵگە شوێنەواریەکان وەربگرین وەک تابلۆی مزگەوتەکە و کێڵی گۆڕەکانی ناو مزگەوتەکە کە ناوی چەندین کەسایەتی و مێژوو ساڵی وەفاتی لە سەرتۆمارکراوە  نزیکە لە ساڵی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە لەسەردەمی موسی بەگ.

٧-پێشنیارمان بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئەوەیە کە ئەم مزگەوتە نوژەن بکرێتەوە لەسەر شێوازەکۆنەکەی خۆی، هەوڵی پاراستنی ئەو پشماوە شوێنەواریانە بدرێت کەماوە وەکوو منارە و گۆڕەکانی ناو مزگەوتە تابلۆی بەردی بناغەی نۆژەنکردنەوەکە یو گەڕاندنەوەی بۆ شوێنی مزگەوتەکە، بکرێتە  بە شوێنێکی گەشتیاری و شوێنەواری بەڕووی گەشتیاراندا کراوەبێت.

## الخلاصة

يتناول هذا البحث تاريخ جامع خورمال الكبير وأصل تسميته والموقع الجغرافي لهذه المدينة، مما يثير العديد من التساؤلات لدى الباحثين حول تاريخها، وكذلك اللوحة الحجرية التي تخلد تجديد المسجد و تحديد  اسماء الأشخاص الذين جددوا المسجد لأول مرة، ولكن أيضًا التعرف على الأشخاص الذين شاركوا في ترميم هذا المسجد بالإعتماد على النقش الموجود على اللوحة الحجرية (حجر الأساس) التي تخلد بأسلوب شعري أسماء ثلاثة أشخاص وهم سلطان سليم العثماني، وأيضاً سليمان باشا البابانى، وموسى بك  الذي كان في حينهقائمقام منطقة كولعنبر، وكان مركزها الإداري في خورمال. و لإثبات هذه الحقيقة نعتمد على عدد من الوثائق من العصر العثماني التي سلطت الضوء على تجديد المسجد، ويبدو أن المسجد قد تم تجديده عدة مرات. كما سنتناول في هذا البحث الآراء التي تفترض أن أول من بنا المسجد هو عبد الله بن عمر بن الخطاب. وموقفنا في هذه الدراسة هو تحليل اللوح الحجري التذكاري وتحديد قيمته التاريخية.

الكلمات المفتاحية: الجامع الكبير في خورمال، تسمية خورمال، اللوحة الحجرية التذكارية لمسجد الجامع في خورمال الكبير.

# History of the Renovations and Reconstructions of Khurmal Mosque in the archaeological and historical records (inscribed stone plaque) of Khurmal mosque as an example

## Abstract

This paper deals with the history of the Grand Mosque of Khurmal and the origin of its name and the exact geographical location in this city which raises many research questions about its exact history, we relied on the archaeological remains, the manuscripts and the documents that deals with the mosque and its history, as well the stone plaque that commemorate the renewal of

the mosque,identifying the leaders who ordered to renew the mosque for the first time, also to identifying the people who participated in the renovation of this mosque relying on the inscription on the foundation stone plaque that in a poetic style commemorates the names of three peronaltieis which are Sultan Salim, the sultan of the Ottomans, also the prince of Sulaiman Pasha of Baban, and Musa Beg was the Qaimqam of Gul'anbar district, its administrative center was in Khurmal. To prove this fact, we rely on the number of documents from the Ottoman period that shed light on the renovation of the mosque, and it appears that the mosque was renovated several times. Also, we will discuss in this paper the opinions that assume that the mosque was first built by Abdullah bin Omar al-Khattab. Our position in this study is to analyze the stone tablet and define its historical value.

**Keywords: Khurmal Grand Mosque, Documents, Khurmal Name, Commemoration Stone Plaque of the Khurmal Great Mosque**

## لیستی سەرچاوەكان:-

أبو دلف مسعرابن مهلهل (١٩٥٠) الرساله الثانية

ئەحمەد، بژار ئەحمەد، و دڵشاد عزیز مارف، (٢٠٢٢)، «شاربازێڕ لە ئەرشیفی عوسمانیدا، گۆڤاری زانكۆی جیهان-سلێمانی، بەرگی ٦، ژمارە ٣، ١٣٥-١٦٧.

)بابان،جمال (١٩٨٧) أصول أسماء المدن والمواقع العراقية، الجزءالاول ،مطبعة الأجيال ، بغداد.

باجگر، نەوزارد یەحیا (٢٠١٩) سلێمانی لەبەڵگە نامەكانی عوسمانی دا (١٢٦٣-١٣٣٦ك/ ١٨٤٧-١٩١٨ز) وەرگێرانی، ئاشتی ڕەحمان، بەرگی یەكەم ،چاپی یەكەم، هەولێر .

باشا، خورشيد(٢٠٠٩) ترجمة : مصطفى زهران، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وأيران، طبعة الأولى، قاهيرة .

بک،محمد أمين زكی (١٩٤٥)، مشاهير الكرد و كردستان في العهد الاسلامی ج١، بغداد.

بەهمەنی، هادی (٢٠٠١) پەیامی هەوارامان، هەولێر.

پیرەمێرد (٢٠٠٩)، دیوانی پیرەمێرد، كۆكردنەوەی، ئومێد ئاشنا، چاپی دووەم، بەرگی یەكەم ، هەولێر.

توفيق، صبحی ناظم (٢٠٠٣) رحلة مطرقي زادة، ابوظبي .

-تۆفیق وهبی بیک (٢٠٢٠) أصل اسم خورمال، گۆڤاری ژین، ژمارە ،٢٣، سلێمانی .

حسن ،دروێش یوسف (١٩٩٨) الاسرة الشهرزورية ودورها السياسی والحضاری (٤٨٦-٦٣٠هـ) كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، قسم التاريخ ، رسالة ماجستيرغير منشورة، هەولێر.

حسن فهمی بەگ جان، (١٩٤٤)، «مێژوویی خورماڵ،» گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١٢، ساڵی پێنجەم، كانوونی یەكەم، چاپخانەی معارف،بەغداد.

حسین ،اكرام شێروان (٢٠٢٣) هونەری بیناسازیی منارە شوێنەواری و كەلە پیوریەكان لە هەرێمی كوردسنان، زانكۆی سلێمانی، كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، بەشی شوێنەوا، ماستەر بڵاو نەكراوە، سلێمانی.

حميد ،عيسى سليمان (١٩٨٥) (تخطيط المد ن) حضارة العراق، ج٩، بغداد.

حمە أمین ، ئومێد حمە باقی (٢٠١٣) جیۆمۆرفۆلۆجیای ئاو زێڵی ڕوباری زەڵم و هەڵسەنگا ندنی بەکارهێنانەکانی، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلیژی ئاداب، بەشی جوگرافیا ، ماستەر بڵاو نەکراوە، هەولێر.

حنون، نائل (٢٠٠٩) مدن قديمة ومواقع أثرية دراسة في الجغرافية التاريخية للعراق الشمالي خلال العصور الاشورية ، طبعة الأولى ، دمشق.

خال ، الشيخ محمد(٢٠٢١)، البيتوشى الشيخ معروف النودهى البرزنجي ، طبعة الأولى .

دهش ،كامل جاسم (٢٠٠٧) الامارة البابانية في العهد العثماني (١٦٦٩-١٨٥١م) دراسة تأريخية، كلية الاداب -جامعة بغداد، قسم التأريخ، رساله ماجستر غير منشورة.

دەرباز، تالیب (٢٠٠٩) هەوارگەی شارە زوور، بەرگی دووەم، هەڵەبجە.

رؤوف، عماد عبدالسلام (٢٠١٢)دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، الطبعة الأولى، دمشق.

زڵمی ، ئیبراهیم حاجی (٢٠٠٨) خورماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنپرۆپۆلۆجیە، بەرگی یەکەم، هەولێر.

زەند، کەریم خانی (١٩٨٥) جوگرافیای کوردستان چاپی یەکەم، سلێمانی.

سالنامەی سلێمانی(٢٠٠١) چاپی یەکەم ،سلێمانی .

سەردار،هۆشیار (٢٠١٠) نەخشەی پارێزگای سلێمانی، ژمارە، ٧٣٨.

شریف ، ئازاد جلال (١٩٩٨) (سەرچاوەی دەرامەتی ئاوی هەرێمی کوردستان ) جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، هەولێر .

شوانی ، بختیار سعید محمود (٢٠٢١) مێژووی عێراق لەسەردەمی عوسمانیدا، چاپی یەکەم ، هەولێر .

صالح، ئاراس محمد (٢٠٢١) مێژووی مزگەوتی گەوری خورماڵ ،چاپ خانەی سارا،چاپی یەکەم، سلێمانی .

عزاوي ،عباس (١٤٢٥) موسوعة تاريخ العراق بين احتلالين، الدار العربية للموسوعات، ج٤، طبعة الأول، بيروت .

عومەر، عبداللە عامر (١٩٩٨) (بەرزو نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان ) جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، هەولێر.

فريد، محمد (٢٠١٤) تاريخ الدولة العليه العثمانية ، المملكة المتحد.

قەفتان ، تۆفیق (بدون سنه) مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان، چاپخانی سلێمان الاعظمي، بغداد.

لوقمان ، ڕێباز (٢٠١١) شیکردنەوەی جوگرافیایی بۆدەرامەتە ئاویەکانی ناحیەی خورماڵ و ئاسۆی بەکارهێنانەکانی لە دوارۆژدا، سلێمانی.

مارف، دلشاد عزیز،(٢٠٢٢)، شارستانییەت و میژوویی دێرینی دەشتی شارەزوور لە نووسینە مێخییەکاندا، گۆڤاری مێژووناسی، ژمارە١، ١٢١- ١٥٨.

مجلة ثروت فنون، عدد٤٨٠، بنجشنبة ،١١/ مايس ١٣١٦/٥.

محمد ،محمود احمد (١٩٨٣) فهرس مخطوطات مكتبة الأوقاف المركزية في السليمانية ( مكتبة بيارة -طويلة -خورمال) الجزء الثاني ، مطبعة بغداد، بغداد .

محمد، محمود احمد (١٩٨٥)، حلقة مفقودة من تأريخ شهرزور أو مذكرات علماء الدين البلباسيين عام ٥٣٠- ١٢٩٠هـ، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٣٦) بغداد.

مصطفى، دڵشاد (٢٠٠٣) (گوڵ عەنبەر مێژوو و خورماڵی ئەمرۆ) گۆڤاری خاک، ژمارە، ٧٤، سلێمانی .

المواقع الاثرية في العراق(١٩٧٠) مديرية الاثار العامة، بغداد.

مودەڕیس، مەلا عبدولکەریمی (١٩٨٥) بنەماڵەی زانیاران، چاپخانەی شەفەق، چاپی یەکەم، بەغداد.

میرزا ،احمد میرزا (٢٠١٤) أشهر قادة فتح كوردستان في العصر الاسلامی الأول، مجلة كلية علوم الإسلامية، مجلد٨، عدد٢-١٥.

مەستوورەی کوردستان (٢٠٠٢) ئامادەکردنی هەژاری موکریانی، میرنشینی ئەردەڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

مەلا صالح، حەکیم (٢٠١١)، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا،بەرگی یەکەم ،چاپی دووەم ، سلێمانی.